# ستراتیژی نوێی ئەمریکا بۆ دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

ویڕای ئەوەی هەنگاوەکانی دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناڤین کە لە عێراقەوە دەستی پێکردوە، ڕووبەڕووی شکست و هەرەس بۆتەوە، بەڵام زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی ئەمریکا لە هەردوو سەنگەری چەپ و ڕاستەوە لەو باوەڕەدان کە تەنیا دیموکراتیزەکردن دەتوانێ شکست بە تیرۆر بهێنێ و ئاسایشی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە پارێزراوی بهێڵێتەوە، بەوهۆیەوە خوازیارین کە ئەمریکا شێلگیرانە درێژە بە هەنگاوەکانی دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بدات و لە عێراقیشەوە دەست پێبکات.

لە سەرەتای بەهاری ئەمساڵدا ، پەیمانگەی هۆڤێر Institution Hoover لێکۆڵینەوەیەکی لە ژێر ناوی 'پتەوکردنی دیموکراتی لە پێناو ڕاگرتنی تیرۆر' بڵاو کردەوە. کە لەلایەن شادی حەمید و ستیڤێن برۆکێ ئەنجام درابوو. لەوێ داوا لە ئیدارەی باراک ئۆباما کرابوو کە بە کردەوە ڕەفتار لەگەڵ ئەو پرسەدا بکات. لێکۆڵینەوەکە جەختی کردبۆوە کە دیموکراسی تاکە شێوازە بۆ بنبڕکردنی تیرۆر کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەستیەوە دەناڵێنێ.

مێدیاکانی ئەمریکا لە سەروبەندی هاتنە سەرکاری باراک ئۆباما گرەویان لەسەر گۆڕینی ڕەوشی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لەولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا دەکرد، پێیانوابوو کە ئیدی باراک ئۆباما بایەخ بەو پرسە دەدات، هەڵسەنگاندنی بوێرانەتری بۆ دەکات و هەنگاوی کردەیی بۆ هەڵدەگرێتەوە.

سیاسەتمەداران پێیانوابوو کە باراک ئۆباما گوشار لە ئیسرائیل دەکات و کێشەی فەلەستین یەکلایی دەکاتەوەو بۆ دیموکراتیزەکردن هانیان دەدات، بەڵام ئێستا چونکە پشت لە هەنگاوەکانی پرۆسەی دیموکراتیزەکردن کراوە، دەبینین کە ئیسرائیل پێداگری لەسەر نیشتەجێکردن دەکاتەوەو واز لە خاکی فەلەستینیەکان ناهێنێ، بەوهۆیەشوە تیرۆر لە کەرتی غەزە بەهێزتر بووە، بزووتنەوەی حەماس و گروپە توندڕۆکانی دیکە برەویان بە تیرۆر داوە. ئەوەش وەک مافی بەرگریکردن پێوانە دەکەن، بۆیە هەرچەند کە سەکردەکانی ولاتانی عەرەبی نەفرەتیان لێدەکەن، بەڵام زۆرینەی خەڵکی عەرەب پشتیوانیان لێ دەکەن، ئەوەش زیانی بە پرۆسەی دیموکراتیزەکردن گەیاندوە. هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕاستویژانە پێداگری لەسەر دیموکراتیزەکردن ناکات، ڕەوشی سیاسی و مافی مرۆڤ لە لوبنان، ئێران، سوریە و عێراق بەرەو خراپتر ڕۆیشتووە. ئۆباڵەکەشی بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی ئەمریکا دایە، چونکە لەو کاتەی کە ئەمریکا خۆی بە زلهێزی تەکانەی جیهان دەناسێنێ، لە خراپی ڕەوشی سیاسی و مافی مرۆڤ لە جیهاندا بەرپرسیار دەبێ.

بێگومان پێوەندی نێوان دیموکراسی و تیرۆر پێچەوانەیە، ئەگەر دیموکراسی باڵا بکات و مافی مرۆڤ پارێزراو بێ، تیرۆر لە کورتی دەدات و بەرەو پوکانەوە دەڕوات،

لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایان کردوە کە پێش ڕوودانی کارەساتی ٢٠٠١ پێوەندی پێچەوانە لە نێوان دیموکراسی و تیرۆردا هەبوو، لە نەنووبی دیموکراستیدا نە دەتواندرا مافی مرۆڤ بپارێزرێ، ڕێ لە ڕامانی ئازاد دەگیرا، بەوهۆیەوە ڕێی بەردەم تیرۆر خۆشتر و بەرفراوانتر دەبوو. کاتێک مرۆڤەکان و ڕێکخراوەکان نەتوانن ئازادانە بیروبۆچونی خۆیان دەرببڕن، ناچار دەبن کە پەنا بۆ توندوتیژی ببەن تا سەرنجی دەوڵەتمەردان و جیهانیان بەلای خۆیانوە ڕابکێشن.

هەموومان لەبیرمانە کە لە نۆڤێمبەری ٢٠٠٣دا جۆرج بووش سەرکۆماری ئەو کاتەی ئەمریکا ڕاشکاوانە ڕایگەیاند: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چاوگەی تیرۆر و توند و تیژی دەمێنێتەوە، ئەگەر داپلۆسین و خنکاندنی ئازادی بەردەوام بێ'

لە ساڵی ٢٠٠٥، جۆرج دەبلیو بووش ڕایگەیاندبوو کە تاکە ڕێ گەمارۆدانی تیرۆر، لێبوردەیی و



ئافراندنی کۆمەڵگەی ئازادو سەربەستە. ئەوەش واتای مسۆگەرکردنی دیموکراسی دەگەیاند. هەر ئەو ڕامانەش بوو کە تورکیای لەژێر گوشار دانابوو، ناچاری کردبوو کە بیر لە کرانەوە بکاتەوەو هەنگاوی کردەیی بە ڕووی کێشەی کورد هەڵبگرێتەوە.

ئێستا ڕەوشی عێراق لە دەست دەرچووەو بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێتەوە، کۆماری ئیسلامی ئێرانی بۆتە یاریزانی لێهاتووی نێو یاریگەی عێراق. ولاتی ئەفغانستان لەگەڵ کێشەی نێوەخۆدا دەستەویەخەیە، سەرانی ولاتانی دیکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش درێژە بە سەرکوتکردن و ملهوڕی دەدەن، ئاسۆی دیموکراتیزەکردن خۆی لە تاریکی لوول داوە. هەروەها ئیدارەی باراک ئۆباماش کەمتەرخەمانە لە پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردن دەڕوانێ، دەبێ بگوترێ کە حەماسەت و پشتیوانیکردن لەو پرۆسەیە بەرەو فەرامۆشکردن دەڕوات و لە پەراوێزدا خۆی دەبینێتەوە.

چاودێرانی سیاسی دەڵێن کە ساڵەکانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ ئیدارەی ئەمریکا پێداگری لەسەر ستراتیژی بە دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناڤین کرد، بەڵام ماوەی ٥ ساڵی دوایی زۆر خەمساردانە لێی ڕوانیوە، ئەوەش وایکردوە کە ڕۆژ دوای ڕۆژ تیرۆر بەهێز و کاراتر ببێت، ئێستاش ئەگەر ئەمریکا بیەوێ کە بەلای ترۆر لە کوڵ خۆی بکاتەوە، ئاسایشی ولاتەکەی پارێزراوو مسۆگەر بێت، دەبێ ستراتیژی نوێ دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دابڕێژێ، چونکە هیچ یەک لەولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لەخۆیانەوە باوەش بۆ دیموکراسی ناکەنەوەو سودی لێوەرناگرن و دەکاری ناکەن، هێشتا زۆربەی دەستەڵاتدارانی ئەو ولاتانە گرەو لەسەر بەکارهێنانی هێز و دەمکوتکردنی خەڵک دەکەنەوە. بەوهۆیەشەوە ئاسایشی خەڵک و ئاسایشی ئابوری جیهان دووچاری تەنگژەو قەیران هاتووە.

لێرەدا پرسیارێک خۆی دەسەپێنێ و داوای وەڵام دەکات: **ئایا بە چ شێوەیەک دەتوانرێ دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێشوازی لێبکرێ؟**

جاران بۆ دیموکراتیزەکردنی ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گوشارخستنە سەر دەستەڵاتداران بە تاکە ڕێگە دادەنرا، بەڵام ڕۆژگار سەلماندی کە گوشارەکان کاریگەری ئەوتۆیان لەسەر دەستەڵاتدارانی میسر، سعودیە، سوریا، ئێران، عێراق و ئوردەن نەکردوە. بۆیە دەبێ خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ بکرێ و شێوازی دیکە تاقی بکرێتەوە. باشترین ڕێگەش بە هۆشیارکردنەوەی خەڵک دەست پێدەکات، چونکە هەرکاتێ خەڵک هۆشیار بۆوە، ئیدی جەورو ستەم پەسند ناکات. هۆشیارکردنەوەی خەڵک و گەلانی ناوچەکەش میکانیزم و هەنگاوی تایبەت بەخۆی هەیە، باشترینیان ئەوەیە کە خەڵک بە مافەکانی خۆیان ئاشنا بکرێن، دەرگەی زانست و ڕۆشنبیری و جیهانگیریان بۆ بخرێتە سەر پشت و ئاسانکاریان بۆ بکرێ. بوارەکانی ئازادیەکانی تاکەکەس بەرفراوانتر بکرێن. لەو بارەیەوە مەڵبەندی وێست پۆینت بۆ نەهێشتنی تیرۆر West Point's combating Terrorismدەڵێ:

بەرزبوونەوەی سەرکوتکردنی ئازادیەکان و لەژێر پێنانی مافی مرۆڤ لە ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وایکردوە کە گەنجان ڕوو لە ڕێکخراوە توندڕۆکان بکەن. هەر ئەو مەڵبەندە ئاشکرای کردوە کە سعودیە یەکێکە لەو حەڤدە ولاتەی کە داپلۆسین بەڕێوە دەبات و ماف و ئازادی تاکەکانی بە زەوتکراوی هێشتۆتەوە. هەروەها ئەو سیاسەتە ناڕەواو داگیرکاریەی کە ئیسرائیل دژ بە فەلەستینیەکان، تورکیا دژ بە کورد، ئێران دژ بە کوردو بەلوج و بەهائیەکان پەیڕەوی دەکات، بازاڕی ڕێکخراوە توندڕۆکانی گەرم کردوە. ئەگەر ئیسرائیل بە نەرمی سیاسەتی لەگەڵ فەلەستینیەکان بکردبا، هەرگیز هێزێکی وەک بزووتنەوەی حەماس دەرنەدەکەوت و بە خێرایش گەشەی نەدەکرد، ئەگەر تورکیا سیاسەتی نکۆڵیکردنی لەبەرانبەر کورد نەبوایە، هەرگیز پەکەکە ئەوەندە بەهێزو پڕکاریگەر نەدەبوو. ئەگەر ئێران ماف و ئازادیەکانی بە نەتەوەکانی غەیرە فارس ڕەوا دیتبا، بەتایبەتیش بە بەلوجەکان ، جوندوڵڵای بەلوجستان نەیدەتوانی بەو شێوەیە سەرنجی لاوان بەلای خۆیەوە ڕابکێشێ. ئەگەر سیاسەتی هەڵەی ئەمریکاو کاربەدەستانی پاکستان نەبوایە، هەرگیز بزووتنەوەی تالیبان هێندە بەهێز و ترسناک نەدەبوو.

لێکۆڵەرو تۆژەران، هۆکاری پەرەسەندن و گەورەبوونی ئەو ڕێکخراوانەی کە پەرە بە توندوتیژی دەدەن، یان تیرۆر ئەنجام دەدەن، بۆ گرفت و کێشەکانی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، ڕۆشنبیری، ئایینی دەگێڕنەوە. ئەوەش وا دەخوازێ کە بیر لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بکرێتەوە. هەنگاوەکانی سەرەتایش لەمانە چڕ دەبنەوە:

١- بە مەرج هاوکاری دەستەڵاتدارانی ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێ، ناچار بکرێن کە مافی مرۆڤ بپارێزن و ئازادی ڕامان و ڕۆژنامەوانی مسۆگەر بکەن.

٢- جەخت لەسەر دیموکراتیزەکردن بکرێتەوە و ڕێیان پێشان بدرێ.

٣- نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خۆی هەوڵی ئاوەدان کردنەوەی ناوچە زیانلێدراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بدات و ولاتانی دەوڵەمەند ناچار بکات کە کۆمەک پێشکەش بکەن.

٤- ماف و ئازادیەکان بۆ گەل و نەتەوە داگیکراوەکان بگێڕدرێتەوە، بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆیان پشتیوانی و هاوکاریان بکرێ.

٥- لە ولاتەکاندا پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆن بکرێ، چونکە بە هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن ، لایەنی دەستەڵاتدار ناچار دەبی کە کێبەرکێ لە سەر خزمەتگوزاری بکات و سنووری ئازادی ڕامان و ڕۆژنامەوانی بەرفراوانتر بکات.

**هاشم عەبدوڵڵا محێدین**
hashm_abdulla@hotmail.com

# ڕەوشی کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشەکانی ئێران

بەهۆی ئەوەی کە چەندین گەل و نەتەوەی جیاواز لە ڕۆژهەڵاتی ناڤینیدا دەژین و زۆربەی ولاتانەکانی ئەو ناوچەیەش بە ئارەزووی بەریتانیا و فەرەنسا دروست کراون و سنووری نێوان ئەو ولاتانەش بە دەستی کۆڵۆنیالیزم کێشراوە، ئیدی چەندین کێشەو گرفتی نەتەوەیی و ئایینی سەریان هەڵداوەو بێ چارەسەر هێشتراونەتەوە.

لە زۆربەی ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشەی کەمینەکان بوونیان هەیە و بوونەتە پرسی ڕۆژ، چونکە چارەسەریش نەکراون، کارەساتی جۆراوجۆریان لێ کەوتۆتەوە. بەتایبەتیش خاکی نەتەوەی بەلوچ و کورد بەبێ ویست و خواستی خۆیانەوە لەت کراون و بە ولاتانی دیکەوە لکێنراون، بەوهۆیەوە لەو ولاتانەدا وەک کەمە نەتەوە سەیریان کراوەو ڕەفتاریان لەگەڵ دا کراوە.

نەتەوە دابەشکراوەکان، کەمینەی ئایینی و ڕەگەزی دیکە لە نێو ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ستەمیان لێکراوە، دووچاری سەرکوتکردن، ئازارو دەردەسەری هاتوون، لە ماف و ئازادیەکانی خۆیان بێبەش کراون، بەوهۆیەشەوە ڕاپەڕین و سەرهەڵدان و تێکهەڵچون ڕوویانداوەو خوێنیان تێدا ڕژاوە. ولاتانی زلهێز و بەرژەوەندخوازیش چاویان داخستوەو ئاوڕیان لە ستەملێکراوو زۆرلێکراوان نەداوەتەوە. سەرانی ئەو ولاتانەش زۆربەیان ڕەگەزپەرستانە بیریان کردۆتەوەو هەوڵی لەبێن بردنی کەمینەکانیان داوە.

لەزۆربەی چاخ و سەردەم و قۆناغەکانیشدا ستەمیلێکردنی ئەو کەمینانە وەک کارتی گوشار دەکار کراوە، سەوادو بازرگانیان پێوە کردوە. هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران ئەزموونی زۆریان لەو بوارەدا هەیە. هەندێک جار دەستەڵاتدارانی ئێران کاتی کوردیان دژ بە دەستەڵاتدارانی عێراق بەکار هێناوە، هەندێک جاریش بەغداد کارتی عەرەبی دژ بە تاران بەکار هێناوە. لەو دواییانەشدا کۆماری ئیسلامی ئێران توانی کارتی شیعە دژ بە بەغداد بەکار بهێنێ کە لە لایەن سوننەکانەوە فەرمانڕەوایەتی دەکرا.

تەنانەت هەندێکجار ولاتانی زلهێزیش کەمینەکانیان وەک کارتی گوشار دژ بە فەرمانڕەوایانی ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکار کردوە. بۆ نموونە لەکاتی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، چەوسانەوەی کورد و شیعە لەلایەن سەدامەوە کران بە کارتی گوشار. هەروەها چونکە شیعەکانی ئەفغانستان دەچەوسێندرانەوە، کران بە کارت و لە دژی پشتۆکانی باکوری ئەفغانستان دەکارکران.

تا ئەمڕۆکەش چەوساندنەوەی کورد لە لایەن تورکیاوە وەک کارتێک چاوی لێدەکرێ و بۆ بەکارهێنانی لە داهاتوودا بیری لێدەکرێتەوە، چەوساندنەوەی شیعەکان لەلایەن دەستەڵاتدارانی یەمەنەوە وەک کارتی گوشار بیری لێدەکرێتەوە، چەوساندنەوەی بەلوچەکان وەک کارتی گوشار دژ بە ئێران بەکاردەهێنرێ. هەروەها تورکیا بەردەوام تورکمانەکانی عێراق و کوردستانی وەک کارتێک بەکارهێناوە. هەڵبەت لە ولاتانی دیکەی وەک لوبنان، ئیمارات، سعودیەش کێشەی کەمینەی شیعە هەیەو کارتێکی ئامادەیە.

لە نێو چوارچێوەی سنوری ئێراندا، جگە لە فارس، نەتەوەی کورد، بەلوچ، عەرەب، ئازەری، تورکمان، لوڕ و گێلەکی هەن، هەندێک جار نکۆڵی لە ناسنامەی نەتەوە بوونیاندا دەکرێ و زمانەکانیشیان وەک زاراوەیەکی فارسی چاولێدەکرێ.

پێش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ڕەوشی کوردی باشووری کوردستان زۆر خراپ بوو، بەڵام دوای ڕاپەڕین و بەتایبەتیش دوای ڕوخاندنی ڕژێمی سەردام و پەسندکردنی فیدراڵی، باشبوونی ڕەوشی کوردانی باشووڕ، کاریگەری لەسەر کوردی پارچەکانی دیکەش داناوە، وایکردوە کە دەستەڵاتدارانی تاران و ئەنکاراو دیمەشق بە چاوێکی دیکە ڕەفتار لەگەڵ کێشەی کورددا بکەن. هەروەها دوای ڕوخانی ڕژێمی تالیبان ڕەوشی شیعەکان بەرەو باشتر ڕۆیشتووە.

بە تێکڕایی دوای ڕوخانی ڕژێمی تالیبان و ڕژێمی سەدام، ڕەوشی کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باشتر بووە، چەندین کەناڵی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ بە زمانی کوردی، تورکمانی لە عێراق دامەزراون. لە فێرگەو زانکۆکاندا بە کوردی و تورکمانی دەخوێندرێ. دەیان ڕۆژنامە، گۆڤارو بڵاوکراوە بە زمانەکانی کوردی و تورکمانی دەردەچن. هەروەها لە ئەفغانستانیشدا تەلەفزیۆنی فارسی زمان هەن، شیعەکانی ئەفغانستان ئازادانەتر ڕەفتاردەکەن. حەوزیەی عیلمی و خوێندنی ئاینی ئازاد کراوە.

لەوانەیە ڕەوشی کەمینەکانی پاکستان جۆرێکی دیکە بێت، چونکە لەگەڵ پێکهاتنی دەوڵەتی پاکستان، زۆربەی کەمینەکان نیمچە ئۆتۆنۆمیان پێدرا و لە ناوچەکانی خۆیاندا ڕێگەیاندرا کە بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن یان ڕێوڕەسمی ئایینی خۆیان بەڕێوە ببەن. ڕەوشی کەمینەکانی ناو ولاتی ئێران لەگەڵ هاتنە سەرکاری ڕەزا شا بەرەو خراپی ڕۆیشت، تا ئێستاکەش ئاسایی نەبۆتەوە، بەوهۆیەوە کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ کێشەی کەمینەی نەتەوەیی و ئایینی جۆراوجۆردا دەستەویەخەیە. هەرچەندە کە ڕادیۆو تەلەفزیۆنی لۆکاڵی هەن و لە ئوستانەکاندا بە زمانی کوردی، ئازەری، تورکی، لوڕی و عەرەبی بەرنامەکانی خۆیان پەخش دەکەن، بەڵام تا ئێستا ڕێ نادرێ لە فێرگەکاندا بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن. تا ئێستاش کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران، زمانی فارسی بە کۆڵەگەو هۆکاری مانەوەی یەکپارچەیی خاکی ئێران لێکدەداتەوە، بەوهۆیەوە ئامادە نیە زمانەکانی دیکە لە فێرگەو زانکۆکاندا بخوێندرێن.

کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێ جیا لە ولاتانی دیکە ڕەفتار لەگەڵ نەتەوەو کەمینەکانی ناو ئێران بکاتەوە، چونکە دەتواندرێ لەیەک کاتدا چەندین کارت بە ڕوویدا بەرز بکرێتەوە، بۆیە دەبێ کاربەدەستانی تاران بیر لە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەکان و کەمینەکان بکاتەوە. ئەگەر تاران سەردەمیانە ڕەفتار لەگەڵ کێشەی کورددا بکات، دەتوانێ پێوەندییێکی زۆر باشتر لە ئێستای لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەبێ. ئەگەر بەدەنگ هاواری خۆزستانیەکان بچێ، دەتوانێ پێوەندی زۆر باشتر لەگەڵ ولاتانی عەرەبیدا دروست بکات. ئەگەر بیر لە ئازادکردنی زمانی تورکمانی و ئازەری بکاتەوە، دەتوانی پێوەندییێکی زۆر باشتر لەگەڵ تورکیا، ئازەربایجان و تورکمانستان دروست بکات.

کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەمان کاتدا کە ڕووبەڕوی کارت دەبێتەوە، دەشتوانێ کارتی کەمینەکان بەرووی ولاتانی دیکەدا بەرز بکاتەوە، باشترین کارتیش کوردو شیعەکانن، بەڵام نازاندرێ لە داهاتوو ڕەوتی گۆڕانکاریەکان بە کوێ دەگەن و کێ زیاتر قازانج دەکات.

**عەباس ئازەرپەنا**